


# لەنێوان چەمکی چاکسازی و چەمکی نیشتمانپەروەری لای ئێمە و ئەوانیتر



ڤینۆس فایەق
دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

نیشتمان بەمانای ئەو جێگایەی ئادەمیزادی تیا لەدایك ئەبێت، لەوێشەوە وشە و چەمکی نیشتمانپەروەری هاتووە، کەبەپێی زۆر لەئاراستە و میتۆدە فیکریەکان خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆکراوە. هەیە چەمکی نیشتمانپەروەری وەکو عەقیدە یان باوەڕێك پێناسەدەکات کە جۆرێك لەدژایەتیکردنی ئەوانیتری لەخۆیدا هەڵگرتووە، هەیە ئەو چەمکە زیاتر بەلایەنی سۆزداری و خۆشەویستی وڵاتەوە ئەبەستێتەوە. لەهەموو ئەمانەش جۆرێك لەپێناسە ئەبینرێتەوە کە مەبەستیەتی چەمکی نیشتمانپەروەری بەوەلاء و پیرۆزڕاگرتنی نیشتمان و بەدیوێکیدا بوغز و ڕکبەرایەتی ئەویتر کە دژی بێت، هەتا ئاستی خۆبەکوشتدا لەپێناوی بستێکی نیشتماندا. بەڵام ئەگەر وردیکەیتەوە نیشتمانپەروەری لەزۆر شتی ورددا ئەبینینەوە.

لەراپۆرتە هەواڵێکی ڕۆژنامەی (میترۆ)ی ڕۆژانەی هۆڵەندی ڕۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا هاتووە گوایا لەبەرانبەر ڕەزامەندی شارەوانی شاری زووتەرمیری لەسەر داواکاری ڕێکخراوی سەنتەری ئیسلامی (Stichting Islamitisch ICZ) Centrum لەو شارە بۆ دروستکردنی مزگەوتێك، لەناو دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی کە نیازوایە مزگەوتەکەی تیا دروستکرێت نیگەرانی و ناڕەزاییەکی زۆر دروستبووە. بەهانەیان بۆ نیگەرانیەکەیان لەئاست دروستکردنی مزگەوتەکە پێوەندی بەهیچ مەسەلەیەکی پێوەندیار بەدین و سیاسەتەوە نییە، چونکە بنەمای نیشتمانپەوەری و دڵسۆزی بۆ نیشتمان لای هۆڵەندیەکان چیدی ڕەهەندی سیاسی پێوە بەدی ناکرێت، هێندەی دڵسۆزی بۆ هەموو بستێکی خاکی ئەو وڵاتە و خزمەتکردن و جوانکردن و پاکڕاگرتنی و پاراستنی سیستەمە ئابووریەکەی و ئەو کەشوهەوایە لەئازادی ڕادەربڕین و فرەییەی کە فەخر و شانازی پێوەدەکەن.

ئەوان لەنامەیەکیاندا بۆ سەرۆکی شارەوانی ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کەوا لەهەمان شەقامدا کە بەنیازن مزگەوتەکە بینابکەن، هۆڵێکی دانسی (شهود یەهوا) (Jehovah’s Witnesses)ی لێیە. بەشێوازێکی شارستانی ١٢٠٠ ئیمزایان کۆکردۆتەوە

کە هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو مزگەوتە لەترسی ناکۆکی و کێشە لەداهاتوودا نابێت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لەهەر کۆنفلیکتێك بگرن لەداهاتوودا لەنێوان موسڵمانەکان و هەوادارانی شهود یەهوا دروست ببێت، بۆ ئەوان گرنگ نییە کێ و لەکوێ بارەگای دەبێت، گرنگ ئەوەیە یەکەم سیمای شار ناشرین نەبێت، دووەم بوونی ئەو شتە زیان بەکەس نەگەیەنێت، سێهەم بوونی هەر شتێك لەگەڵ شتێکی تردا لەهەمان شوێندا هیچ کۆنفلیکتێکی لەهیچ جۆرێك دروست نەبێت.

بەیانیەکی زۆر زوو بوو کە لەگەڵ باوکی تەمەن سەروو حەفتا ساڵمدا لەوێستگەی پاسەکەی نزیك ماڵەکەمان لەیەکێك لەشارەکانی ئەڵمانیا وەستابووین، ئەوەدەمی باوکم دەستی برد و دەسڕێکی لەگیرفانی دەرهێنا تەڕی چاوی بسڕێت و دوو پارچە دەسڕ بەدەستیەوە هات و یەکێکیان لەدەستی کەوتە سەر زەوی، پێش ئەوەی فریاکەوم دەسڕەکە لەسەر ئەرز هەڵگرمەوە، کچێکی تەمەن کەمتر لەهەژدە ساڵ چووە بەردەم باوکم و داوای لێکرد دەسڕەکە لەسەر ئەرزەکە هەڵگرێتەوە، باوکیشم وتی: نەمزانی لێم کەوتووە، منیش هاتمە وەڵام و گوتم بەڵام من هەڵم ئەگرتەوە، ئەو پیاوە دەبینی بەتەمەنە نەیزانی دەسڕەکە لەدەستی کەوتووە، کچەکە بەداوای لێبوردنەوە گوتی: بەڵام من وا فێربووم، ئەمە وڵاتی هەموومانە و دەبێت پاکوتەمیز ڕایگرین. هەر ئەو دەقیقەیە ئەو ڕۆژەم وەبیرهاتەوە وەختێ بەباخێکی زۆر جواندا لەگەڵ مێردەکەم و کوڕەکەم کە ئەوسا تەمەنی هەشت ساڵان بوو پیاسەمان دەکرد، گەیشتینە بەر درەختێکی گوێز، کوڕەکەم دەستی برد ویستی لەسەر زەوی گوێزێك هەڵگرێتەوە، منیش لەدەستیم وەرگرت و فڕێمدا و لەگەڵ مێردەکەم ویستمان لقی درەختەکە ڕاوەشێنین و گوێزی بۆ لێبکەینەوە، ئەو کاتە ژن و پیاوێکی زۆر بەتەمەن لێمان هاتنە پێشەوە، ژنەکە ڕووی پرسیاری لێکردم و وتی: ئەو درەختە ئێوە چاندووتانە؟ سەیرم لەپرسیارەکەی هات، وتم: نەخێر، گوتی ئەی بەچ مافێك گوێزی لێدەکەیتەوە؟ ئەو درەختە بۆ جوانی و بۆ هەمووان لێرە چێنراوە، ئەگەر تۆ ئامادەبیت بەری درەختێك کە لەشوێنێکی گشتیدا ڕوێنراوە هەروا لێکەیتەوە و بەخۆتی ڕەواببینیت، ئەگەر بوویتە دەسەڵاتدار بەری ڕەنجی خەڵکی ماندووش بەخۆت ڕەوا دەبینیت و گەندەڵی بڵاودەبێتەوە.

ئەگەرچی ئەم دوو چیرۆکە سادە و ساکارن، بەڵام من پەندێکی گەورەم بۆ ژیانم لێوەرگرتن، پەندەکە ئەوەیە نیشتمانپەروەری ئەوەنییە تەنیا شەڕبکەین و خاك بسەنین و لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشین، بەڵکو نیشتمانپەروەری پرۆسەیەکی درێژخایەنە، شۆڕشکردن و شەهیدبوون تەنیا قۆناغێکە، هەمووشی لەوێدا کۆتایی نایەت، بەڵکو لەوێوە دەستپێدەکات کە دەسەڵاتمان گرتەدەست ئینجا چۆن ئەو ڕۆحی نیشتمانپەروەریە جارێکی تر وەبەربهێنینەوە بەخزمەتکردنی نیشتمان، کە یەکەمین هەنگاوی بەهوشیاربوونەوە و هوشیارکردنەوە دەستپێدەکات.

ئەگەر بەجادەو بانەکانی شارەکانی هۆڵەندادا بگەڕێیت، زۆربەی جار دیمەنێك کە زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە کەسانێك کە دەسڕێك، پارچە کاغەزێك یان قووتووی کۆلایەکی فڕێدراو هەڵدەگرنەوە و دەیخەنە ناو نزیکترین زبڵدانی سەر جادەکانەوە، ئەگەر زبڵدانیش نەبوو لەگەڵ خۆیان دەیبەن هەتا زبڵدانێکیان بەرچاو دەکەوێت و فڕێی دەدەن، هەرنەبوو دەیبنەوە ماڵەوە دەیخەنە ناو زبڵدانی ماڵەوە. ئەمە سادەترین ماناکانی نیشتمانپەروەریە.

هەروەك هیچ جیاوازیەك لەنێوان بەرپرسێك و هاووڵاتیەکی سادەدا نییە، ئەوەی خەڵکی سادە ئەیکەن، بەرپرسەکەش ئەیکات، بۆی هەیە بەرپرسێك دەست بەرێت دەسڕێك یان کاغەزێك لەسەر جادە هەڵگرێتەوە بیبات لەزبڵدانی ماڵی خۆیان هەڵیگرێت، بەڵام داخوا چەند بەرپرسی حزبی و حکومی ئێمە ئەوەندە لەخۆبوردوانە نیشتمانەکەی خۆش ئەوێت. بگرە ئەگەر بەگەڕەك داگیریشی نەکردبێت، بەسوپا خەڵکی گرتوە دەوروبەری بۆ پاکەنەوە.

ئەگەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگە هێندە هوشیاربنەوە کە بەپیس و پۆخلی سەرجادەکان و کارە نابەجێکانی ڕێگاوبانەکان ڕازینەبن، هەرگیز گەندەڵی بەو چەشنەی ئێستای ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی حکومی ئێستای کوردستان پەرەسەندوو نابێت، چونکە ئەو تاکە کە ڕازی نییە جادە و بانەکان پیس بن، ڕازیش نابن بەبەرپرسێکی گەندەڵ لەڕیزی حکومەتدا بەری ڕەنجی خەڵکی نەدار و ماندوو و نەگبەت بخوات.

دواجار بەباوەڕی سادەو ساکاری خۆم، نیشتمانپەروەری هێندەی پرۆسەیەکی درێژخایەن و پەرەسەندووە، هێندە قۆناغێك نییە گیری تیابخۆین و تەنیا بەخوێندنەوەکەی جاران لەچەمکی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان و بەپیرۆزڕاگرتنی وڵات نیشان بدەین.

هەتا ئێرە تێگەشتنی تاکی کورد بۆ چەمکی نیشتمانپەروەری هێند پەرەی نەسەندووە، بەمانای ئەوەی ئەوەندەی تاکی کورد ئامادەیە لەپێناو بستێك لەخاکەکەی خۆی بدات بەکوشت، لانیکەم بە پلە یەك پەرەی نەسەندووە بۆ خزمەت. مەبەست لەمە ئەوەیە، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریەی کە لەدەوروبەرمان ڕوودەدات، ئەبێت تێڕوانینمان بۆ زۆر چەمك گۆڕانکاریان بەسەردابێت، بەمانای ئەوەی ئێمە وەکو هاونیشتمانی و نیشتمانپەروەر خزمەتکاری ئەو وڵاتەبین، هەروەك ڕازی نەبین دەسەڵاتێك بەڕێوەی بەرێت کە تەنیا بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێك بێت نەك بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی هاووڵاتیەکان، چونکە ناکرێت هاونیشتمانیش دڵی بەوڵاتەکەی بسووتێت و دەنگی بداتە حزبێك و ئامادەش بێت خۆی بۆ بەکوشت بدات، بەڵام ئەو حزبە کە دەسەڵات وەردەگرێت ئیتر بچێتە سەرووی هاووڵاتیەوە و هەر بەبیردۆزە کۆنەکە لەهاووڵاتی بڕوانێت و خۆی باڵا و هاووڵاتی ژێردەستە.

لەکۆتاییدا ئەو بەرپرسەی ئامادەنەبێت دەسڕێك لەسەر جادە هەڵگرێتەوە بۆ ئەوەی بەشداری پاکردنەوەی وڵاتەکەی بکات، هەرگیز توانای ئەوەی نییە ئیدیعای گۆڕین بکات و بەڵکو بە هەموو گەندەڵیەك خەنیە.

**ئەگەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگە هێندە هوشیاربنەوە کە بەپیس و پۆخلی سەرجادەکان و کارە نابەجێکانی ڕێگاوبانەکان ڕازینەبن، هەرگیز گەندەڵی بەو چەشنەی ئێستای ناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی حکومی ئێستای کوردستان پەرەسەندوو نابێت**

**ئەو بەرپرسەی ئامادەنەبێت دەسڕێک لەسەر جادە هەڵگرێتەوە بۆ ئەوەی بەشداری پاکردنەوەی وڵاتەکەی بکات، هەرگیز توانای ئەوەی نییە ئیدیعای گۆڕین بکات و بەڵکو بە هەموو گەندەڵێک خەنیە**



# شێلووکردنی ژیانی کانی لەلایەن هەرزەکارێکەوە

چیرۆکی: ئاشتی عەبدوڵا ئاشتی

کانی کچێکی هەرزەکاری زۆر قەشەنگ بوو لەخێزانێکی زۆر بەختەوەر لەگەڵ دایکی و خوشك و برا بچکۆڵەکەیدا ژیانێکی ئارام و ئاسایی بەسەر دەبرد، خێزانەکەیان ئەوەندە ئاسایی و بەختەوەرانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، کە ببوونە جێگەی ئیرەیی دراوسێ و خزم و کەس و کاریان. پاشان تەمەن هات و چوو لەپڕ ڕۆژێك لەناکاو دایکیان بەنەخۆشییەکی کتووپڕ دڵی لەلێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد.

## دوای کۆچکردنەکە

لێرەوە نەهامەتی خێزانەکە دەست پێدەکات کە دایکیان کۆچی دوایی کرد، ئیتر باوکیان کەوتە دوای کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیان و نەیدەتوانی بەشێوەیەکی ورد ئاگاداری منداڵەکانی بێت و چاودێریان بکات، تا لەئەنجامدا هەموویان بەهۆی بێڕەحمی و خراپی کۆمەڵگەوە تووشی کێشەی خۆیان بوون و هەر یەکەیان بەهۆی هۆکارێکەوە لەڕێگەی کەسێکی نابەجێ و لاڕێوە لایانداو ڕوویان کردە کاری نابەجێی و لەڕێی ڕاست لایاندا.

## کێشە دەستی پێکرد

وەك دەزانین کۆمەڵگەی کوردی لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر بێبەزەیی تێیدایە بەرامبەر بەئافرەتان بەتایبەتی ئەگەر دایکیشیان لەژیاندا نەمابێت و هەروەها ئەگەر ئافرەت جارێك هەڵە بکات، ئەوا بەسەرییەوە ماڵە و هەرگیز لێبووردنی نییە.

ئێوارەیەکیان دایکی کانی لەناکاو تووشی ئازارێك هات، چۆن ئازارێك ئازاری مەرگ بوو، هیچ جۆرە چارەیەکی نەبوو، لەئاکامدا کۆچی دوایی کرد و خێزانەکەیان بەبێ دایك مانەوە و پاش ماوەیەك لەدوای کۆتایی هاتنی پرسە هەر کەسە چوو بەلای کارەکەی خۆیەوە و کانیش وەك خوشکەکانی بەرەو قوتابخانەکەی چوو کە لەپۆلی دووەمی ناوەندی دەیخوێند. ئا لێرەوە قۆناغێکی نوێ لەژیانی ئەم خێزانە دەست پێدەکات.

## ڕێگای هەڵە

کانی کاتێك کە بەیانیان ڕووی دەکردە قوتابخانە لەڕێگەی خۆیدا کوڕێك دەهاتە سەر ڕێگەی کە ناوی هەرێم بوو، ئەم کوڕە بوو بەشەیتان و ژیانی دوارۆژی کانی کردە دۆزەخ و هەموو بەیانیان دەهاتە سەر ڕێگەکەی و هەمیشە داوای ژمارە مۆبایلی لێدەکرد، هەمیشە دەیویست کە ئەم کچە لەڕێگەی ڕاست لابدات و هانی دەدا کە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵدا ببەستێت و داوای لێدەکرد کە ببێت بەخۆشەویستی پێی دەوت کە ئەوی لەهەموو دنیا خۆشتر دەوێت، بەڵام وەها نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرێم گەنجێکی داوێن پیس بوو بە ئالۆشی سێکسی، هەمیشە خەریکی سێکس بوو، کەسێك بوو خەریکی فریودانی کچانی گەڕەك بوو، ئەمجارەیان مرخی لەکانی خۆش کردبوو، دەیویست ئەمیش لەڕێگە لابدات.

کانی کەوتە داوی خۆشەویستییەوە لەگەڵ هەرێمدا، بەڵام چۆن خۆشەویستییەك کە بووە هۆی ئەوەی هەموو ڕۆژێك بەیانیان بەیەکەوە دەکەوتنە ڕێ و قسەی زەرد و سووری بۆ یەك دەکرد و هەرێم توانی بەقسە لووسەکانی لەڕێگەی ڕاست لای بدات و توانی وەهای لێبکات کە گوڵی کچێنی کانی هەناسەسارد بژاکێنێ و بەو بەهاری عومرەی هەڵی بوەرێنێت و وەك چەندین کچی تری ئەو وڵاتە بووە قوربانی گەنجێکی داوێن پیس.

چەندین جار بەخۆی و بەئۆتۆمبێلە سپییە دوا مۆدێلەکەیەوە بەرەو هەواری شار و شاخی گۆیژەی دەبرد، لەگەڵ خۆیدا هەموو جارێك دوو سێ بیرەشی دەبرد و بەگوڵەبەڕۆژە و پاقلەو چپسەوە پێکەوە ژووانێکی سێکسییان دروست دەکرد، ڕاستە کانی بیرەی نەدەخواردەوەو زۆریش دەترسا کەوا کەسێك بیبینێت و حەیای بچێت، بەڵام پێشی خۆش بوو کەوا لەگەڵ هەرێمدا جار جارە چپەو قسەی نەرم و ڕۆمانسییانە دەکەن، پاش ئەوەی هەرێم بەو بیرەیە سەری خۆی گەرم دەکرد ئینجا لەکانی دەچووە پێشەوە و لێی نزیك دەبۆوە، وردە وردە دەستی بۆ ڕوومەتە خڕنە سپییەکانی دەبرد، دەستی بەسەر قژیدا دەهێناو ماچی ڕوومەتی دەکرد و وەکو سەگ دەیلێسایەوە، کانی هار دەکرد، تەواو ڕوومەت و گوێچکەکانی سوور دەبوونەوە و هەناسەی سوار دەبوو، داوای لەهەرێم دەکرد زوو بیباتەوە بۆ ماڵەوە نەوەکو کەس بیبینێت و هاوڕێکانی بچنەوە لەهەواڵی کانی بپرسن کەوا بۆچی نەهاتۆتەوە بۆ خوێندنگە و ئەو ڕۆژە دیار نەبووە..

بەڵام هەرێم زەوقی هەبوو دەیوویست دەستی خۆی بووەشێنێت و کەتنێکی بەپەلە ئەنجام بدات و داوای دەکرد کەوا دەست بۆ .....ی کانی بەرێت و دواجار بیقەومێنێت. جار جارەش بەمۆبایلە دوا مۆدێلەکەی خۆی وێنەیەکی کانی دەگرت و کانیش تەواو سوور دەبۆوەو شەرمێکی ترسناك و مەرگ هێنەر دایدەگرت و هەموو گیانی دەلەرزی..

ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت، هەرێم بەتەواوەتی ببووە مۆتەکە و هەموو ڕۆژێك بەرەو دەرەوەی شاری دەبرد و کەتنی خۆی لەگەڵ کانیدا دەکرد و....

## وێنەی کانی بە شاردا بڵاوبووەوە


هەرێم کوڕی کابرایەکی بازرگانی تازە پیاکەوتووی لادێیی بوو، پارەی باشیان هەبوو، خاوەن دوکانێکی گەورەی پۆشاك و ماکیاجی ژنانە بوو، هاوڕێی لەشێوەی خۆی زۆربوو. ژمارەیەکی زۆر لەگەنجەکان لەلای دادەنیشتن و باس باسی سێکسکردن بوو لەگەڵ کچانی شاردا و هەر یەکەیان قارەمانێتی خۆی لەو بارەیەوە دەگێڕایەوە. هەرێم لەناو مۆبایلەکەیدا ئەلبومێکی وێنەی کچانی نیوە ڕووت و دەموچاوی سێکسی و وروژێنەری کچە هەرزەکارە جوانەکانی تێدابوو کە هەرێم پێوەندی ژێر بەژێر و سێکسی لەگەڵیاندا هەبوو.

وێنەکانی کانی زۆر بوون و تازەترین کچێك کە پێوەندی بەهەرێمەوە هەبوو ئەو بوو، بۆیە خۆشەویست بوو، وێنەکانی نیشانی گەنجانی ئەو گەڕەکەی خۆیان دەدا و بەهەموو لایەکی شاردا بڵاوی کردبوونەوە، تا لەئەنجامدا ناوبانگی کانی بەتەواوی زڕاو وەك کچێکی لەشفرۆش ناوی دابۆوە، ئیتر لەو ناوەدا کانی لەناو کوڕەکانی گەڕەکدا بەتەواوەتی ئابڕووی چوو، تا وای لێهات ناچار بوو داوا لەهەرێم بکات کە وێنەکانی ڕەش بکاتەوە، بەڵام کاتێك کە چوو بۆ لای هەرێم زۆر قسەی ناشرینی پێ وت و سوکایەتییەکی زۆری پێدەکرد، کانیش بەکەساسی گەڕایەوە ناچار بوو دەست بکات بەگریان، هەر بەفرمێسکی ناو چاوە غەمگینەکانیەوە بەهاوار و گریانەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە، ناچار کە چووە ماڵەوە بینی کە کەس لەماڵەوە نییەو هەتیوو بێکەس ماوەتەوە..

دەستیکرد بەلەخۆدان و کەسیش نەبوو دڵی بداتەوە، پاشان وردە وردە بیری لەوە کردەوە کە خۆی بکوژێت و دوایی بەژیانی پڕ لەحەیاچووی خۆی بێنێت، لەئاکامدا نەوتی کرد بەخۆیدا و خۆی سوتاند و کۆتایی بەتەمەنی خۆی هێنا و بوو بەقوربانی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان. بوو بەقوربانی ئەوینێکی چەواشە و دەستی کوڕێکی داوێن پیسی ئەم وڵاتە.

# ئەو شەوەی سالار درایە بەر نووکی چەقۆ

هەر لە سەرەتای خوازبێنی و پێکهێنانی خێزانیەوە ڕادیار بوو کە سالار شایستەی فریشتە نەبوو، چونکە سالار وەك کوڕێك لاسارو چەتوون پەروەردەی ئەو شوێنانە بوو کە زۆر گرنگی بە هەست و سۆزی راستەقینەی مرۆڤی تێدا نادرێت، بە هەمان نەفەسی کارکردنی ئەو شوێنانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکردو قسەی خۆشی رۆژانەی سەرزارانی جنێودان بوو، بە خۆیی و ماڵە باوکی فریشتە، بە بەردەوامی تان و تووتی لێ دەدان، بە تایبەتی گەڵتەو گاڵەکردنی بە بیرو بڕوایان کە جیاواز بوون لە بیرو بڕوا سەرەڕۆیەکانی سالارەوە، فەریدی برای فریشتە هەمیشە بە ژیانی پڕ لە زوخاڵی خوشکەکەی ئاخی هەڵدەکێشاو نەیدەزانی چۆن لە دەست سالاری زاوایان ڕزگاری بکات، تا ڕۆژێکیان و بەر لەوەرگرتنی تەڵاقنامە فریشتە خۆی دەرمانخوارد کردبوو، فەریدو دوو برا بچکۆلەکەی بەهەڵەداوان گەیشتبوونە سەری و دەرگای حەوشەیان شکاندبوو، فریشتەیان لە مەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگارکردووەو لە دوای دوو رۆژ مانەوە لە ئیمرجینسی و شووشتنەوەی ناو گەدەی لەو حەبانەی قووتی دابوون، چیتر فریشتە نەگەڕاوەتەوە ماڵی مێردەکەی و سالاریش پاش دوو ساڵان لە سیلەکوژکردنی ژنەکەی، ئەوجا قەناعەتیان پێ کردبوو کە لێی جودا بێتەوەو تەڵاقی بدات، دوایی بۆیان دەرکەوت کە بەرلەوەی سالار لە هەندەران بێتەوە بۆ کوردستان و فریشتە بخوازێت یەکێك بووە لەوانەی کە لە یانەی کلۆپی شەوانەدا سفرەچی مێزی نانخواردنەکان بووەو بۆ ڕابواردنی شەوانەی خۆیشی چەندین عەشیقەی بیانی هەبوون و شەوانی تا بەیانی لەگەڵ ئەوانەدا بەسەر بردووە، بۆیە کاتێك هاتەوە کوردستان و فریشتەی خواست، هەمان مامەڵەی ئەو عەشیقانەی لەگەڵ کردووەو هێندەش دڵی لێ پیس بووە، تەنانەت وردە وردە هاتوچوونی ماڵە باوانیشی لێ بڕیوە، هەمیشە چاودێری مۆبایل و هەڵسوکەوتەکانی فریشتەی کردووە، جارێکیان فەرید غیرەتی دابووە خۆی و بە سالاری وتووە ((فریشتەی خوشکم ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە، ژیانی لەگەڵ تۆدا تاریکە، داوات لێ دەکەم ئاگاداری بیت، پارە هەموو شتێك نییە، ئارامی و ڕێزی



خوشــــکەکەمم لێت دەوێت، ڕاســـتی ئەگەر بمانزانییایە کەســـێکی کە وا بێ مەعریفەو زانستیت فریشتەمان پێ نەدەدایت)) ئەویش بە تووڕەیی بە فەریدی وتووە (( هەی سپڵە، ئەمە ئەو پرسیارەی مامۆستای سەرەتاییم بیر دێنێتەوە کە لە تاقیکردنەوە پێی وتم زانست باشـــترە یان سامان، منیش بە درۆوە نووسیم زانست، کوڕە من نەبومایە، خۆت و براکانت بەو زانســـتەی هەتانە لە برســـانا دەمردن، بیرتان چۆتەوە کە هەمووتانم لەســـەر کار بە پارەی باش دامەزراند، تۆ کە بەندەیەکی وا ناشوکریت، هێشـــتا کۆمەڵێ پارە قەرزاری منیت، فریشـــتەش تا ماوە لە ژیانیدا ئەبێ پێڵاوەکانم بخاتە بان چاوی خۆی کە ئاوها براکانیم لە برسێتی ڕزگارکردون، ئیتر شەکری چی دەشکێنن، ئەوە لــە باتی سوپاســـگوزارم بن، هاتویت پێم دەڵێیت ژیانی فریشتەم تاریك کردووە، بۆ ئەو خوشکە ناشوکرەشـــتان تا لای ئێوە بووە، لە ژیانیدا توانیوتانە کراسێکی بۆ بکڕن، باوکتان هەتا مردیـــش خانوویەکی بۆ دانەمەزراندن و هەر لە کرێچێتی بەجێی هێشـــتن، دایکیشـــتان لەبەر ئـــەوەی پارەی نەشـــتەرگەریتان پێ هەڵنەســـوڕاوە، نەخۆشییەکەی سەخت بووەو دواتـــر بە ڕەزالەتەوە مردووەو زانســـتەکەتان فریای نەکەوت، بۆ من نازانم بەرلەوەی ببم بە تووشـــتانەوە چ تاریکایییـــەك لە ماڵتاندا هەبـــووە، ئەبێت مەمنوونـــی خوا بن کە ئەم سالارە ســـەخیفە بۆتان بووەتە چرا و ماڵی ڕووناك کردونەتەوە، ســـەبارەت بە فریشتەی خوشکیشـــت بە پێی شـــەرع و یاســـا ژن ژنـــی خۆمە، ئیتر ســـەمای پێ بکەم، یان هەڵیپەڕێنم، یان بیگرییێنم، یا لە ماڵ دیلی بکەم، ئەوە پێوەنـــدی بە ناو ماڵی خۆمەوەیـــە، تۆ لـــە بری ئەم قســـە زلانەت جارێ بچۆ مشوورێکی گەڕانەوەی ئەو پارانەم بۆ بخۆ کە بە قەرز لێت وەرگرتووم، هەی فاشیل، باشە هەرگیـــزاو هەرگیز چـــۆن ئـــەوەم لەبیردەچێتـــەوە کە چەندیـــن جـــار ئەو تووتەڵانەی برات دەستیان بـــە نـــاو گیرفانەکانمدا گێـــڕاوەو پـــارەی گیرفانم لە کەمـــی داوەو، ئەگەر لە بەرخاتری فریشتە نەبوایە، مـــن چـــۆن چـــاوم لە دزیەتیەکانیان دەپۆشی))

ئیتر بەم شێوەیە هەموو جارێك سووکایەتی بە فەریدو کەســـوکاری فریشـــتە دەکردو لە دوای چەندین جـــار زیزبوون و تۆرانی فریشـــتەش، ئاکامەکەی هەموو جارێك، هەر بـــەوە تـــەواو دەبوو، ئـــەو نەگبەتە گەڕاوەتەوە لای ســـالارو ئەژنۆی خەمی گرتۆتە باوەش، ســـالار لەو پیاوانە بووە کە حـــەزی دەکرد ژنەکەی لـــە ماڵەوە دیل و خانەنشـــین بکات، نەوەك هەتاو و تیشکی مانگەشـــەو بیبینن، کەســـێکی ناشارەزا ڕەفتارەکانـــی بدیتبایـــە، وایدەزانی کە لە ناو ئەشـــکەوتەوە هاتووە، نـــەك لە یانەی کلوپی شـــەوانەی بەلجیکاوە، فریشتەش قوربانییەك بوو بەدەســـتی کەسێکەوە، کە لە فەرهەنگی شـــەوانی سووری کلووپی شـــەوانەی ئەورووپاوە لەگەڵ ژناندا فێری مامەڵەکردن بووە، باوەڕی بە خۆی نەکردبوو کە فریشـــتەیەکی ڕۆح شیرین و خاوێنی چنگ کەوتووە، فریشتەیەك کاتێك قسەی لەگەڵ پیاوێك بکردایە ئارەقەی شـــەرم بە ناوچەوانی دەهاتنە خوارەوە، کەچی سالار دڵـــی لەو مێروولانەش لێـــی پیس دەکرد، کە لە باخچەی ماڵیان شـــارە مێروولەیان هەڵبەستبوو، وەك لە ســـەرەتاوە باسم کرد ئاکامی ئـــەم پێوەندییەی ژن و مێردایەتی نێوان فریشـــتەو ســـالار بـــە جیابوونەوە گەیشت، براکانی فریشتە لەسەر کارەکانیان وەدەرنران و دوو جاریش شاگردەکانی سالار ســـەروپۆتەڵاکی فەریدی برای فریشتەیان داگرتبۆوە، تا لە درەنگانێکی شـــەودا بە شـــپرزەیی فەرید تەلەفون بۆ فریشـــتەی خوشـــکی دەکات و پێـــی دەڵێـــت ((ئەوە پۆلیس بەڕێـــوەن بێنە ماڵمان، چونکە ئەو ســـالارەی کۆنە مێردت، بە سەرخۆشی و بـــە چەقۆوە هاتبووە ســـەرمان تا لە من و مناڵەکان بدات، منیش مەجبووربـــووم هـــەر بەچەقۆ لە حەوشەکەدا بیکوژم، هێشتا بۆنی عارەق لە تەرمەکەی هەڵدەستێت و کۆڵان و گەڕەك لەبەر ماڵمـــان کۆبوونەتەوە..))

پاشـــان بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات مۆبایلـــی قەپـــات کردەوەو خـــۆی دا بە دەستی پۆلیسەکانەوە.

**(( ئـــەم ڕووداوە لـــە بەڕێوەبەرایەتـــی نەهێشتنی تاوان سەرەداوەکانی زانراوەو لە دوای هێڵکاری شوێنی تاوان و وەرگرتنی ئیفادەکان، بەم شێوەیە دەیگێڕینەوە))**

